کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



## هونەرمەندی شێوەکار: حەنان ئەنساری

# بۆیری بەشێکە لە ژیانم بۆیە لە تابلۆکانم رەنگی داوەتەوە

دیدار: دەرباز
Darbiz11@yahoo.com

کۆمەڵەی ئاسۆی لاوانی کوردستان بە بۆنەوی راگەیاندنی خۆیان وەك رێکخراوێکی مۆدرینی لاوان.لە ناوەراستی کانونی یەکەم پشەنگایەکی شێوەکاری بۆ هونەرمەند (حەنان ئەنساری) لە هۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان کردەوە کە کۆمەڵی تابلۆی سەرنج راکێشی تیدانمایش کرابوون. لەدیمانەیەکی کوت وولامی چەند پرسیارێکی داینەوە.

حەنان حسین محەمەد ئەنساری لە ساڵی 1974 لە بەغدا لەدایك بووە پەیمانگای (کۆدیا)ی بۆ هونەری شیوەکاری تەواو کردووە دووپیشەنگای تایبەتی کردۆتەوە , بەشداری هەشت پیشەنگای هاوبەشی لە شارەکانی عیراق کردوە.

– لە کەیەوە لەگەڵ هونەری شێوەکاری ئاشنابوویت؟

– لە دوای روخانی رژیمەوە 2004 بەردەوام کاری هونەری شێوەکاری دەکەم چەندین تابلۆم هەیەو بەشداری چەندین پیشەنگام کردووە.



– رەنگ مانایی چی دەگەینی لای تۆ؟

+ رەنگ لای من واتە راکردن لە کۆت و بەندە سە پێنراوەکان بۆ خەیاڵێکی ئەفسوناویی.

– لە تابلوەکانت بویریەکی زۆر بەدی دەکری لە ژیانی رۆژانەش بویری؟

+ ژیانمان بێ بەش نیە لە بوێری بەتایبەت لە هونەری وێنەکێشان پێویستە مرۆڤ بوێربێت تابتوانێت بگاتە ترۆپکی ئەو گوزارشتەی لە هزی داییە.

– دەنگدانەوەی ژیانی کۆمەلآیەتی لە تابلوەکانت زۆر هەستی پی دەکری، تاچەند باوەرت بەنەریتی کۆمەلآیەتی هەیە؟

– هونەری وێنەکیشان گوزارشت لە هەموو شتیك دەکات

هەموو هونەرمەندێکیش ئازادە لە رادەربڕین، ژیانی کۆمەڵایەتی رەنگدانەوەی ژیانی هەموومانە، بۆیە ویوستومە واقعی ژیانی کۆمەڵایەتی بکەمە بنەمای کارەکانم وەك خۆی.

+ ئەمە دووەمین پیشەنگای تایبەتیتە لە کوردستان دەیکەیتەوە چ جیاوازیەك لە نیوان ئەم دووپیشەنگایەوە ئەوانی تر دەکەی.

+ زۆر ئاسودەم بەم دوو پیشەنگایانەم کە لە کوردستان کردومەتەوە, کەناڵەکانی راگەیاندن گرنگێکی زۆریان پێدا کە زۆر جیاواز بوو لە شوێنەکانی تر